# حكم من أفطر في رمضان دون عذر

# حوكمی كەسێك لە رەمەزاندا رۆژوو نەگرێت بە بێ هیچ عوزرێك

اللغة الكردية – زمانی كوردی

شيخ هيثم سرحان – شەيخ هەيسەم سەرحان

مافی چاپکردن و بڵاوکردنەوە رێگەپێدراوە بۆ هەموو موسڵمانێک

http://sarhaan.com http://MAHADSUNNAH.COM

پرسیار : ئایە حوکمی کەسێکی بالغی بە توانا چییە کە لە ڕۆژی ڕەمەزاندا ڕۆژوو ناگرێت بە بێ هیچ عوزرێک؟

وەڵام : ڕۆژووی ڕەمەزان روکنێکە لە روکنەکانی ئیسلام و دروست نییە کەسی موسڵمانی بالغی ژیری تەکلیف لێکراو ڕۆژوو نەگرێت لە ڕەمەزاندا ئیللا بە هۆی عوزرێکەوە نەبێت وەکو سەفەر یان نەخۆشی یان نمونەی ئەوانە ، وە هەرکەسێک ڕۆژووی نەگرت هەرچەندە تەنها ڕۆژێکیش بێت بە بێ عوزر ئەوا تاوانێک لە تاوانە گەورەکانی ئەنجام داوە ، وە خۆی ڕووبەڕووی تووڕەبوون و سزای خوای گەورە کردووەتەوە و پێویستە لەسەری تەوبەیەکی ڕاستگۆیانە بکات لای خوای گەورە و ئەو ڕۆژەی کە نەگرتووە دەبێت بیگرێتەوە ، ئەمە لەسەر ڕای زۆربەی زانایان و هەندێکیش ئیجماع دەگوازنەوە لەم بابەتەدا ، وە هەرکەسێک بە ئاشکرا ڕۆژووەکەی شکاند ونەیگرت ، ئەوا ئیمامی موسڵمانان سەرزەنشتی دەکات و سزای دەدات بە سزایەک ببێتە پەندێک بۆ خۆی و نمونەی ئەو ، بە هۆی ئەنجامدانی ئەم کارە گەورەیەوە ، ئیبن حەجەری هەیتەمی ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت :

تاوانی گەورەی چلەم و چل و یەکەم لە پاش سەد : وازهێنان لە ڕۆژووگرتنی ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی ڕەمەزان و نەگرتنی بە هۆی جووت بوونەوە یان جگە لەوە بە بێ عوزر وەکو نەخۆشی یان سەفەر ، وە لە ئەبو ئومامەوە هاتووە و فەرموویەتی : گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو دەیفەرموو : لەکاتێکدا من خەوتبووم لە پڕ دوو پیاو هاتن بۆ لام باڵمیان گرتو بردمیان بۆ سەر کێوێکی سەخت، ئەمجار فەرموودەکەی باسکرد ....وە تیایدا هاتووە : ....پاشان بردمی و گەیشتم بە خەڵکێك بە قولەپێیان هەڵواسرابوون، شەویلگەکانیان لەت لەت بوو بوو خوێنی لێ دەچۆڕا، وتم: ئەوانە کێن؟ وترا: ئەوانە ئەو کەسانەن کە پێش کاتی شکاندنی ڕۆژوو ڕۆژووەکانیان دەشکێنن ..))

جا ئاخۆ حاڵی ئەو کەسە چۆن بێت کە ڕۆژوو ناگرێت ؟ داوا لە خوا دەکەین لە دونیا و قیامەتدا بمانپارێزێت .